# مەرگی خۆر

بە پەپوولەی ڕۆحی سپیی " نیکۆلاس بێرگ" پێشکەش

پۆلا سەعید

سڵاو ئەی جیهانی ئەبلەق بوو
سڵاو ئەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیی لە حەسرەتا
پەرت پەرت بوو،
سڵاو ئەی ویژدان
سڵاو ئەی ناوی پیرۆزی مرۆڤ
تف لە چارەی ڕەشی ئێوەش
ئەی کۆمەڵی بەبەر و مۆنستەرەکانی کێرد و تاوان،
بەم کازیوەی بەیانییە ئەوە لێوی سووری ئاسۆ نییە
ماچی پەلاسی نێو دەمی چیا دەکات،
بەڵکوو فیچقەی خوێنی گەردنی "نیکۆ"یە لەبەر ئاوێنەی خۆردا
بەیانیی باش لە هەزارەی بیست و یەک دەکات،
تەماشاکە چۆن قولنگەکان بە نزمیی بەسەر شاردا
دەفڕن و دەخوێنن
بەڵام ئەوەش چریکەی هەڵفڕینی ئەوان نییە
بەڵکوو هاوار و نوزەی "نیکۆ"یە کە ئۆپێرا ئاسا لە ژێی قیژەی
دەنگیاندا دەریدێنن،
ئەو کۆترانەی بەم سپیدەی بەیانییە لە بەرپەنجەرەی پەنتاگۆن دا
چینە دەکەن
ئەوە لم و خۆڵی "با" هێناوی سەرتاقی پەنجەرەکان نییە
لە سەر و کلک و باڵی خۆیانی وەرئەدەن،
ئەوە دواهەمیین پەلەقاژەی ڕۆحی "نیکۆ"یە
ئەمانیش لێرەوە شینی عیسای بۆ دەکەن،
بە فەرمانەکانی خوای شەڕ کووشتیان
بە یاسا ژەنگگرتووەکانی نەوەی بەدر کووشتیان
تاڵێک لە قژی خۆر بوو
دەیویست پەروانە و هەنگ

www.kurdistannet.org
KURDISTAN NET

له وڵاتی کێرد و چەقۆ دا ماڵیی بکات،
دلۆپێک لە بارانی میهر بوو
دەیویست گوڵە گەنم
لە خاکی "دێم" *دا سەوز بکات،
ئەی قەڵای دراکۆلاکانی ناوەڕاستی خۆرهەڵات
ئەی بکووژانی خۆر و کێردی سەرگەردنی نیکۆکانی وڵات،
پەنجەرەی بەرهەتاوی مەملەکەتێک نەما
بە بەردی " الله و اکبر" نەیشکێنن
پەڕەی ناسکی گوڵی وڵاتێک نەما
بە نووکی تیژی خەنجەر نەیدڕێنن،
ئێوە دژی شنەی "با"ی ئازادیی و
دژی نمەی بارانی دیموکراسیی و
دوژمنی سەرسەختی کۆمەڵگای تسیڤیلستن،
دەتانزانیی کە "نیکۆ" لە یەککاتدا
شنەی "با" و نمەی باران و گوڵی باخی تسیڤیلە
بۆیە ترسنۆکانە شەتڵی ئینجانەی سەریتان هەڵکێشا
دڕندانە بەبەرییانە لە گۆمی خوێنی ئاڵی خۆیتان هەڵکێشا،
نیکۆیەک لە پەڕەی گوڵ
ڕۆحێک لە کلووی بەفری زستان و
هیوایەک لە ترپەی لێدانی دڵ،
سڵاو ئەی جیهان
ئەی ئارەقەی زەردهەڵگەڕاوی ئێخەی کرێکاران،
ئەی بۆرژوا بۆینباخە قیت بەستووەکان
ئەی ئیمپریالیەتی بەرمیلێک نەوت و کڵپەیەک لە سووتان،
ئەی سۆسیال دیموکراتەکان
ئەی پارتی سەوز و لیبراڵەکان،
سڵاو ئەی مانیفێست
ئەی ئێنگڵس
ئەی مارکس،
سڵاو لە گیانی پاکی نیکۆ
سڵاو لە دڵۆپە فرمێسکەکانی مرۆڤ و
لە کروزی جەرگی تۆ،
سڵاو لە سەما و لەنجەی ئەشکی مۆم
سڵاو لە هێڵنجدانەوەی تێکشکانی ئێستای خۆم،

KURDISTAN NET www.kurdistannet.org

هێڵنج ئەدەم هێڵنجێکی نەهامەتیی
هێڵنجێک پڕواوپڕی قەسابخانەکانی بەبەریەتیی،
هێڵنج ئەدەم هێڵنجێک وەک ڕووخساری ڕەشی
ڕێکخراوە ئیسلامییەکان جۆراوجۆر
لەو ڕۆژەوە ئەبینم وا دەستی درێژی ئایین
درێژ ئەکرێت بۆ کووشتنی خۆر،

14.05.04

* دێم : زەوییەکی ڕەق کە کووشتووکاڵی تێدا نەکرێت.

KURDISTAN NET www.kurdistannet.org